# بەهیچ جۆرێك شەرمم لەكلتووری ئیسلام نەكردووەو ئەوەی راست بێت گوتوومە

## گفتوگۆ لەگەڵ مەریوان هەڵەبجەیی نووسەری کتێبی (سێکس‌و شەرع‌و ژن لە مێژووی ئیسلامدا)

**چەند مانگێک لەمەوبەر کتێبی "سێکس‌و شەرع‌و ژن لەمیژووی ئیسلامدا" لەلایەن نوسەری سکولارو ئاتەئیست مەریوان هەلەبجەییەوە کەوتە بەردەم خوینەرانی کوردزمان‌و بووە جیگای سەرنج‌و پیشوازی‌یەکی گەرمی رۆشنبیران وخەلکی ئازادیخواز. بەلام ئەم ماوانە کاریگەری ئەم کتیبە بۆتە مایەی تورەبوون وبیزاری دەستەو تاقمی ئیسلامی لەکوردستان‌و بەریخستنی کەمپینیکی کۆنەپەرستانەو سەرکوت گەرانە بەدژی ئازادی دەربرینی بیرو راو رەخنەو قەلەم‌و هیرش بردنەسەر رۆشنبیرانی ئازادخوازی کوردستان. لەمبارەوە مینەبەری مزگەوتەکان‌و خوتبەی رۆژانی هەینی مەلاو دەزگای راگەیاندنی حیزبە ئیسلامی‌یەکان بەبەرچاوی دەسەلاتدارانەوە بوونەتە مینبەریک بۆپەخشانەوەی فتواو هەرشەکردن لەئازادیخوازان‌و نەیارانی باوەر وخورافەی ئاینی‌و دەسەڵاتدارانیش تائیستا هیچ کاردانەوەیەکیان نەبووە جگەلە بیدەنگەکردن... ئیمە وەک بەشێک لەلایەنگرانی ئازادی رەخنەو دەربرین لەکەنار نوسەری پیشکەوتنخواز مەریوان هەلبچەیی رادەوەستین‌و لیرەشدا بۆ ئاشناکردنی زیاتری خوینەران بەلایەنەکانی ئەم کتیبەو هەلسوکەوتی ئیسلامی‌یەکان لەبەرامبەریدا ئەم کورتە دیدارەمان سازداوەو لەداهاتووشدا لەسەری دەچین./ ئۆکۆتبەر**

ئوکتۆبەر : بەڕێزتان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردودا کتیبێکتان دەرکرد بەناوی (سێکس و شەرع و ژن لە میژووی ئیسلامدا) کە ئیستا ئیسلامی یەکانی لە کوردستان دووچاری هیستریایەکی زۆرکردوه. دەکریت بە کورتی لە چەند خالێکدا ناوەڕۆکی کیتبەکەت بۆ خوینەرانی ئوکتۆبەر بخەیتە روو.

مەریوان هەڵەبجەیی: ئەم کتێبە 350 لاپەڕەیە بەقەوارەی A3 , سێ چەمکی سەرەکی لەخۆ گرتووە: سێکس وەك دیاردەیەکی سروشتکرد, شەرع وەك دیاردەیەکی مێژووکرد, ژنیش وەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لەئاییینی ئیسلامدا, لەخوێندنەوەکەمدا باسم لەکلتورو نەرێتەکانی پێش ئیسلام کردووەو بۆ ناو ئیسلام شۆڕمکردۆتەوەو رەخنەکانم خستۆتە روو , لێت ناشارمەوە بەهیچ جۆرێك شەرمم لەکلتووری ئیسلام نەکردووەو ئەوەی راست بێت گوتوومە چونکە لێکۆڵینەوەی زانستی پێویستی بەسەرچاوەی باوەڕپێکراوو گواستنەوەی راستگۆیی‌و خەملاندنێکی مەعریفی هەیە. هەر بۆیە لەپێش سەرهەڵدانی ئیسلامەوە دەستم پێکردووەو لەساڵی 13ی کۆچی کۆتاییم پێهێناوە. لەناو لێکۆڵینەوەکەدا باسی ئەم بەشانەم کردووە:

کورتەیەکی هەمەچەشنەیی مێژوویی دیاردەی سێکسبازی, پێشدەست, سێکسبازی لای گەلانی کۆن, سێکسبازی لای پەیامبەرانی خوا, سێکسبازی لە نیوە دورگەی عەرەبدا, پێش ئیسلام, سێکسبازی لەسەرەتاکانی ئایینی ئیسلامدا, سێکسبازی لەقۆناغی مەککەدا, ئادەم و حەوا, خانمی یەکەم, خانمی دووهەم, نێربازی‌و نەتەوەی لوت, پەری‌و بەهەشت, سێکسبازی لەدوای دەرکەوتنی ئیسلام, حیجاب لەنێوان ئاکار و باوەڕدا, فرەژنی وەك ئەزموونی ئیسلامی, مەدینە و شەریعەتی ئیسلام, چەند لایەنێکی سیمای سێکس و دیاردە کلتورییەکان, دیاردەی خەتەنەکردن, دیاردەی دەرپێ, دیاردەی نێرەمووکی, رەفتارو پاڵنەرە سێکسیەکان لەشەریعەتی ئیسلامدا, نیوە دورگەی عەرەب بەشێوەیەکی گشتی, سێکسی موحەممەد لەنێوان مرۆڤایەتی و پەیامبەرایەتیدا, شێوەو روخساری پەیامبەری ئیسلام, ژمارەو ناوی ژنەکانی پەیامبەری ئیسلام, ئەو ژنانەی مارەی کردوون‌و لەگەڵیان جووت نەبووە, ئەو ژنانەی داوای کردوون‌و نەبوونەتە هاوسەری, هەندێك زانیاری سەرەتایی دەربارەی هاوسەرەکانی پەیامبەر, دیاردەکانی سێکس لەئیسلام و جیهانی ئیسلامیدا, سێکس و شەرع‌و ژن, مولاعەنە, شەرع و کۆمەڵگا, سێکس و ئیمان, هەڵکوتینەسەر, مژینی مەمك, تەڵاق‌و مارەبەجاش, ناوو ژمارەی ژنەکانی (العشرە المبشرە) ژن‌و سێکسی زێڕین, خالیدو شەڕی هەڵگەڕاوەکان, کارەساتی حەڕڕە, موتعە, باگراوندی وێنە نادیارەکانی سێکس لەئیسلامدا, ئەنجام, چەمك و رواڵەتی موتعە, پاشکۆی موتعە, ئەنجامی گشتی.

ئوکتۆبەر : ئەوەندەی کە ئیمە ئاگاداربین ئیسلامیەکان شکاتیان تۆمار کردوە ، بەلام پیێ دەچیت کارەکە هەر بەوەوە نەوەستابیت وئەوان کەمپینیکی فراوانتریان بەرێ کردوە، دەکریت بەکورتی باسیکی ئەو مەسەلانە بکەیت.

مەریوان هەلەبجەیی: جا پێم نالێیت جیاوازی شکایەتی ئەوانو کاری دیکەی داهاتوویان, هەر شتێك بێت, چییە؟؟ لەهەردوو حاڵەتەکەدا هەر ئینسانی ئازادیخواز زەرەرمەندی یەکەمو کۆتایی نییە؟؟ ئایا ئەو یاسایەی ئەوان پەنایان بۆ بردووەو شکایەتیان لێکردووم هەر ئەو یاسایە نییە کەساڵەهایە خۆیان دایانڕشتووە؟؟ سەرەتا شکایەتیان لێکردوومو گەر بۆیان بچێتەسەر لەسێ ساڵەوە بۆ شەش ساڵ زیندانی دەبم, وەك دەرکەوتووە بەوە رازی نەبوون بۆیە نامەیەکیان ئاراستەی هەردوو سەرۆك (سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هەرێم) کردووە بۆ ئەوەی لەوێشەوە سزایەکی دیکە بۆ من داچڕن, وەك پێشبینییەك بۆ ئەوەی نەکا لەکارەکەیاندا سەرکەوتوو نەبن ئیمزای هەرچی مەلای هەڵەبجەو دەڤەری شارەزوور هەیە (چەند دانەیەك نەبێت) کۆیانکردۆتەوە بەنیازی شتێکن کەرەنگە بیانەوێت پەرلەمانیشم لێهان بدەن ئەویش بەهۆی ئەوەی یەکێکیان ئەندام پەرلەمانە, سەرباری هەموو ئەمانەش مزگەوتەکانی شارەزوورو هەڵەبجەی شەهیدو سلێمانیان لێهاندامو لەدوو رۆژی هەینیدا وتارەکانیان لەسەر منو کتێبەکەم بەڕێوە بردووەو تێدا ئەوەی ئیسلامو خۆیانو کلتوریان پێیان خۆش بووە بەئاشکرا کردوویانە. ئینجا با تەلەفزیۆنی یەکگرتووش لەولاوە بوەستێت کەچۆن وتاری مەلاکانیان پەخش دەکردو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەقڵە رزیوەکاندا دەکرد.!! جا ئایا ئەمە مەبەستێکی گەورەی لەپشتەوە نەبێت ئەبێ چی بێت؟!!

حەز ئەکەم ئەوەش بەخوێنەرانم بڵێم کەسەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکەم لەسەرەکیترینو ناودارترینو موعتەبەرترینو باوەڕپێکراوترین سەرچاوەی مێژووی ئیسلامنو لەخۆمەوە هیچ شتێکم نەوتووە.

ئۆکتۆبەر : ئایا تا چەند هەست بە مەترسی دەکەیت و لەمبارەوە ئاسایش و لایەنە بەرپرسەکانی دەسەلاتی یەکێتی چیان کردوەو چۆن مامەلەیان لەگەل کێشەکەی ئێوەدا کردووە؟

مەریوان هەلەبجەی: ئێستا کاتێکە بۆ من پڕ مەترسیترین کاتە, هەر شەوەو لەماڵێکدا دەخەوم, مەلا عوزێر لەمزگەوتی زەرگەتە کارێکی نەکردووە کەجورئەتی ئەوەم هەبێت هەست بەزیندانیکردنی خۆم نەکەم لەدەست تیرۆرستان. بۆ پرسیارەکەی دیکەش داوای لێبوردن دەکەم کەناتوتنم لەئێستادا وەڵامتان بدەمەوە.

ئۆکتۆبەر : چاوەڕنیتان لە خەلکی کوردستان و بەتایبەت بەرەی ئازادیخوازان چی یەو تا ئێستە چ حزب و لایەنێکی سیاسی لەسەر کێشەکەی ئێوە هەڵوێستی گرتووە؟

مەریوان هەلەبجەیی: ئەگەرچی ماوەکەی کورتە بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەڵام هەتا ئەم کاتە کەوەڵامی بەرێزتان دەدەمەوە نەمبینیوەو نەمبیستووەو نەنوسراوە لایەنێك رێکخراوێك پشتیوانیم لیٚ بکات جگە لەچەند بەرێزێك کەلەکاتی خۆیدا باسیان دەکەم. لەکاتێکدا چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد بەڵکو وام بەخەیاڵدا هات کەچیتر ئازادیخوازان قبوڵ نەکەن کلتوری ڕزیو بەسەریاندا زاڵ ببێتو کاتی ئەوە هاتووە دادگایی ئەو کەسانە بکرێت کەچاویان ئازادی نابینێت.